# نوێنەری (تۆنی بلێر) لەگەڵ

# وەزیری مافی مرۆڤ کۆبۆوە....

لە ڕۆژی 2007/3/20 بەڕێز د. شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیوانی وەزارەتدا پێشوازی لە خاتوو (ئان کلوید) نوێنەری تایبەتی تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیاو وەفدێکی یاوەری کرد0
لەم دیدارەدا وەفدی میوان داوای ئەو هەوڵانەیان کرد کە لەبواری مافی مرۆڤ لەلایەن وەزارەتەوە دراوە بۆ بنبڕکردنی پێشێلکاریەکان0لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ بەتێروتەسەلی کارە بەرنامە ڕێژییەکانی وەزارەتی لەرووی چالاکیە جۆراوجۆرەکانی بەتایبەت لەرووی توندوتیژی دژی ژنان و منداڵان و بەسەرکردنەوەی بەندیخانەکان و بەشداری کردنی کادیرانی ئەم وەزارەتە لە (ورك شۆپ)ەکانی ناوەوەی وڵات و دەرەوەی بەمەبەستی دابینکردنی زانیاری زیاتر بۆ تێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە مافەکانی مرۆڤ و ئاشنا کردنیان بەم ڕەوشە...
هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا وەفدیکی وەزارەت لە پاکستانە بۆ بەشداری کردن لەم خولە ڕاهێنانەی کە حکومەتی بەریتانیا لە پاکستان بۆ بەگژداچوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان ڕێکخستوە کە پێشتر ئەم ئەزموونەی بۆ هەمان مەبەست بۆ ژنانی پاکستان ڕێکخستبوو.
لە تەوەرێکی دیکەوە وەزیری مافی مرۆڤ ئاماژەی بەوەدا کە حکومەتی کوردستان زۆر بەجدیەوە دەڕوانێتە ڕەوشی مافی مرۆڤ و هەموو دەزگاکانی تایبەتمەند بەم ڕەوشەی ئاگادارکردۆتەوە کە ئەوپەڕی هاریکاری وەزارەت بکرێ بۆ گەیشتن بە هەموو ئەو زانیاری و بەدواداچوونانەی کە دەیانەوێ بەتایبەت لە بەندیخانەکان...
شایانی باسە لە بەشێکی ئەم دیدارەدا د. دیندار زێباری نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی UN ئامادەی گفتوگۆکان بوو.